www.kurdistannet.org

12:39 2006-10-2بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## چیتان لە بارزانی دەوێت؟ ... هێڤار سنجاوی

hevarsinjawi@yahoo. com

ماوەیەکە چەند قەڵەم بە دەستێك لە سایتەکاندا قسە لەسەر رۆڵی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەن، لەو نووسینانەشدا ئەوەندەی هەست بە نەشارەزایی و کاڵفامی دەکرێت، نیو ئەوەندە هەست بەوە ناکەی کە ئەوانە ویستویانە بارزانی هەڵبسەنگێنن. چونکە هەڵسەنگاندن باسکردنی لایەنی باش و خراپە نەك گوللە بارانکردنی ئاسمان!

بۆ ئەوەی موزایەدە لەسەر ئەم نووسینە نەکرێت بە خوێنەر دەڵێم کە من نەك هەر ئەندامێکی پارتی دیموکراتی کوردستان نیم، بگرە ئەندامی چالاکی یەکێتی نیشتمانی کوردستانم و لەبەر ئەوەی هەستم کرد نووسەرانی ئەو وتارانە دەیانەوێ تۆوی دووبەرەکی بچێنن و خەڵك وا تێبگەیەنن کە بارزانی تەنها سەرۆکی هەرێمی پارتییەکانە و لە سلێمانی کەس خۆی بە موتیعی ئەو نازانێ، بەم نووسینە ئەو بۆچوونەیان رەت دەکەمەوە.

من پێشتریش دەمزانی بارزانی کەسایەتییەکی سەنگین و سیاسەتمەدارێکی قاڵبووی ئازار و مەینەتییەکانی گەلەکەیەتی، بەڵام بە هاتنی بۆ سلێمانی و کۆبوونەوەی لەگەڵ کادیرانی پارتی و یەکێتی ئەو راستییەم باشتر بۆ دەرکەوت کە بارزانی زۆر بە جیدی کار بۆ یەکخستنی تواناکانی کورد دەکات و دەیەوێ هەمووومان بەرەو وەدی هێنانی ئاواتە گەورەکانمان بەرێت.

بارزانی نەك هەر سەرۆکی پارتی بووە و وێرای ناکۆکی لەگەڵ حزبەکەی من- یەکێتی نیشتمانی، هەوڵی داوە رێگە لە دروستبوونی دووبەرەکی لەناو یەکێتی بگرێت و یەکێك بووە لە پاڵپشتە بەهێزەکانی یەکریزی کورد و پاڵپشتێکی بەهێزیشە بۆ سەرۆك تاڵەبانی و ئەو دووانە بوونەتە سەنگەرێکی پتەوی پاراستنی کوردستان و هەرجۆرە بێ رێزییەك بەرامبەر بارزانی بێ رێزییە بەرامبەر تاڵەبانی و سەرجەم کوردستان.

بارزانی بە پێشمەرگەیی و لە ئاوارەییدا لە دایك بووە، منداڵیەکەی پێشمەرگایەتی و گەنجێتییەکەشی هەر پێشمەرگایەتی بووە، نازانم چۆن گەنجی ئێستا دێت و رێگە بەخۆی دەدا وشەی ناشرین بەرامبەر بارزانی بەکار بێنێت؟ ئەو گەنجانە بۆ بیر لەوە ناکەنەوە کە بارزانی هەموو گەنجێتی و تەمەنی خۆی لە پێناو بەختەوەرەی ئەواندا کردۆتە قوربانی؟ ئەو گەنجانە بە بێ ئاگایی دەکەونە ژێر کاریگەریی هەندێ کەسانی قەڵەم فرۆش و بەکرێگیراوانی دوێنێی بەعس و نەیارانی ئەمڕۆی نەتەوەکەمان. چونکە هەر وشەیەکی ناشرین بەرامبەر بارزانی وەك ئەوە وایە دیارییەکی بەنرخ پێشکەش بە دوژمنەکانمان بکەین. چونکە ئەوان هەموو بەیانییەك کە لە خەو هەڵدەستن تەمەننای ئەوە دەکەن بارزانی نەمابێت تا بتوانن پیلانی ژێربەژێر دژی نەتەوەکەمان دارێژن.

خۆزگە ئەو گەنجانە ویژدانیان بکەنە حەکەم و رۆڵی بارزانی لە ساڵانی رابردوودا هەڵسەنگێنن و ئەوکاتە بڕیار دەدەن کە بارزانی شایەستەی ئەوەنییە بێ رێزی بەرامبەر بکرێت. خۆزگە گەنجانی ئێمە چیدی نەدەکەوتنە ژێر کاریگەریی سیخوڕانی دوێنێ و ئەڵقە لەگوێیەکانی ئەمڕۆ.

گەنجی ئێمە دەبێ بزانێت کە کوردستان پێویستە بە یەکرییە نەك دوو بەرەکی، چونکە هەر دووبەرەکییەك کوردستان بەرەو ئەوە دەباتەوە کە جارێکیتر بکەوێتەوە بەر هەڕەشەی داگیر کردن و ئەوکاتە گەنجانی ئێمە ناچاردەبن ببنەوە سەربازی ساڵح موتڵەگ و ئوسامە نەجیفی و بەعسیەکانی دیکەی عێراقی ئێستا، ئەوکاتە موخابەرات و ئیستخبارات دەکەونەوە گیانی گەنجانمان و هیچ چیایەکیش وەرمان ناگرێتەوە، چونکە خۆمان بەدەستی خۆمان وڵاتمان وێران دەکەین و چیاکانی کوردستان رێگە نادەن خەڵکی ناپاك جێی شۆڕشگێڕان بگرنەوە.